لەیادی نەمراندا



# عزالدین فیضی

مستەفا سالح کەریم

وا ئەمجارەش بەرەو هەولێر دەڕۆم ، گوڵاڵە سوورەی دەشتەکان پێشوازی ڕێبواری ماندووەکەن ، پەڵە گەنمەسەوزە جوانەکان کەڕوێشکە ئەکەن ، منیش وەك یەکێکی تینووکە لە دوورەوە کانیاوێك بەدی ئەکات و تەکانی بۆ ئەدا ، ئاوا ئارەزووم بوو کە زوو ر بگەمە شارە دێرینەکەی کوردستان ، باچاوەکانم بەبینینی ئازیزان ڕوونکەم . . . ئەوا قەڵا مەزنەکەی ، وەك بووکی ڕازاوە خۆی نیشاندا . . . ئەمجارەش وەك هەموو جارانی تر کە لەم شارە نزیك دەبمەوە هەستم بە شادمانییەك کرد ، بۆ ماوەی یەك دوو ڕۆژ چاوو دڵم بە دیداری هاوڕێ دڵسۆزە خۆشەویستەکانم گەش دەبنەوە «ئێستا دەچمە ئۆتێل ، پاش کەمێك حەوانەوە ، وەك جاری جاران تەلەفۆن بۆ مامۆستا خۆشەویستەکەمان دەکەمو دەڵێم : مامۆستای بەڕێزم ، ئەوە لە هەولێرم ، ئەویش بەزمانە شیرینەکەی خۆش هاتنم دەکات و یەکسەر هەواڵی عەلی ئەفەندیم[1] لێ دەپرسێ ، ئیتر ئەوەندەی پێ ناچێت کە بە دیداری شاد دەبم و سەر لەنوێ بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕابوردومان ئاڵ و گۆڕە دەکەین ، بەپەرۆشەوە هەواڵی مامۆستایان ئەحمەد هەردی و حەمە نوری و عەلی شەوێم و حەسیب قەرەداخی و برادەرانی ترم لێ دەپرسێ و منیش ڕێزو سڵاویانی پێ دەگەیەنم . . . . . . . . . » کاتێك لە تەلەفۆنەکە نزیك بوومەوە ، تاس بردمیەوە ، تەزوویەکی سارد بەلەشمدا هات ، تەمی فرمێسك بەری چاوانمی گرت ، هەناسەیەکی قووڵی خەمباریم هەڵکێشا ، بۆم دەرکەوت لە خەیاڵدا دەژیام (مامۆستا)م کۆچی کردووەو تازە ئیتر بیرای بیرای لە هیچ کۆڕو دیدارو میهرەجانێکدا نایبینم ، جارێکی تر لە کۆڕی شەوانەدا گوێم لە ووتە شیرینەکانی نابێت .

چاوم بەرایی نەهات هەروا زوو بچمە دەرەوە ، گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم بە دەم فرمێسکی گەرمەوە بە خۆم گوت : ئەگەر چی مامۆستا عیزەدین فەیزی بەلەش نایبینم ، بەڵام هەست دەکەم کە گیانی پاکی وەك چۆلەکەیەکی بەهەشتی

هەمیشە بەسەر ئەو چلانەوەیە کە سێبەر بۆ ئازیزانی دەکەن ، دەبا هیچ نەبێ لە تەك بیرەوەرییەکانیا ئێوارەکەم بەسەر بەرم . . وورده وورده بۆ (٢٧) ساڵ لەمەوبەر مەلی خەیاڵم دووری خستمەوە . .

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٥٩ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاسۆس بووم لە قەلأدزە ، پیشانگەیەکی قوتابیانمان ڕێك خستبوو ، خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ بینینی ، لەوکاتەدا کە پێشوازی میوانەکانم دەکرد ، دوو مامۆستای بەسەرو سیما لە هۆڵەکە نزیك بوونەوە ، بەپیریانەوە چووم ، یەکێکیان مامۆستا فەتحوللا عەبدوللا بوو کە لە قۆناغی سەرەتاییدا مامۆستام‌بوو ، زۆر بەگەرمی بە خێر هاتنم کردن ، ئەویش لەتەك مامۆستاکەی ئاوەڵیدا پێکی ناسین ، زانیم کە مامۆستا عیزەدین فەیزییە ، ئەو ڕۆژە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو ، ناویم بیستبوو ، ئەم زانی کە چەند ساڵێك سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایان بوە لە هەولێرو یەکێك بووە لە نووسەرو کارگێرە چالاکەکانی ڕۆژنامەی (هەولێر)و مامۆستاو بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووە ئێستاش سەرپەرشتیاری پەروەردەییە پێی ناویّ بڵێم : کە زۆر بەختیار بووم بەو یەکتر ناسینە ، چونکە ئەو ماوەیەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا کارم دەکرد ، زۆرم دەربارەی بیستبوو ، هەموو ئەدیب‌و روناکبیرەکانی کۆیەو هەولێر کە پێوەندییان بە ڕۆژنامەکەوە هەبوو خۆشیان دەویست‌و بەڕێزەوە ناویان دەهێنا .

ساڵێك دوای ئەو دیدەنییە لە مانگی ئابی ١٩٦٠دا لە کۆنگرەی شەقلاوە بەخزمەتی گەیشتمەوە ، ئەمجارەیان لە (لیژنەی ئەدەب)دا پێکەوە بووین ، زیاتر بەدڵماچوو ، پیاوێکی ژیرو کامڵ‌و لەسەرخۆ ، هەر شتێ ببوایەتە هۆی مشتو مڕ لە لیژنەکەدا بەزمانێکی شیرین تکای ئەوەی ئەکرد کە بەرژەوەندی گشتی پێش هەموو شتێك ڕەچاوبکرێ .

ئیتر باری ڕۆژگار ، کارێکی ئەوتۆی کرد یەکتری نەبینینەوە تا کۆنگرەی دووەمی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە ١٤ تاحەڤدەی تەمووزی ٩٧١ لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا عیزەدین بە سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵبژێرراو منیش بە سکرتێر[٢] ئەم جارەیان ماوە زیاتر بوو بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئەم پیاوە جوامێرە بناسم ، کە مەردانە هەوڵی ئەدا تا کاروباری کۆنگرە بەڕێك‌و پێکی بەڕێوە بچیّ .

سەرەڕای ئەم چالاکییە ئەدەبییەی ، هەروەها یەکێ بوو لە ئەندامە چالاکەکانی کۆنگرەی مامۆستایان‌و لە کۆنگرەی دووەم‌وسێیەمدا بەسەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێررا . لەو کۆنگرانەدا بۆ چەسپاندنی بڕیارو ئامۆژگارییەکان گەلێك سوودمان لە ڕاو سرنج‌و تاقیکردنەوەکانی وەردەگرت .

بە پێی ئەوەی کە لەو ساڵانەدا چەند جاریّ بە سەرۆکی لقی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لە هەولێر هەڵدەبژێررا ، زوو زوو بە دیداری شاد دەبووین ، ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا زیاتر دەچوو دڵەوەو شیرینتر دەبوو لەلای ئەدیبان .

جارێکی دیکەش لە زانکۆی مستنسریە لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردا لە ١٩٧٤/١/١٠دا مامۆستامان بەسەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێررا ، ئەمجارەشیان بەشانازییەوە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا لە تەکیا بەشداربووم . هەندی مەسەلەی وا لە ئارادا بوون کە ببنەهۆی گەرم بوونی مشتومڕ ، بەڵام مامۆستای ووشیار بەحیکمەت‌و لێك دانەوەی خۆی ، بەو دڵە گەورەیەی کە هەر جێگای خۆشەویستی تێدا دەبوەوە توانی کە بوار خۆش بکات بۆ بڕیاردانی بەجێ‌و کۆنگرە بەڕێك‌و پێکی کاروباری بگەیەنێتە ئەنجام .

پاش ئەوەی ماوەی چوار ساڵێك کۆنگرە نەگیراو مەڵبەندی گشتی لە کارکەوت‌و وای لیّهات کە لقەکان بە جیاواز چالاکی خۆیان بنوێنن . مامۆستا عیزەدین فەیزی . بە دڵ‌و بەگیان ، بە کردارو بە گفتار . هەوڵێکی مەردانەی لەتەك نووسەرە دڵسۆزەکانادا بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی تر ساز بکریّ‌و مەڵبەندی گشتی‌و لقەکان پێکەوە ببەسترێنەوە[٣] .

ئەوەبوو لە ئەنجامی یاداشت نووسین‌و پێوەندی کردن بەو

کەسانەی لەو مەسەلەیە وە نزیك بوون . هەولْو تەقەلایەکی بێ ووچانی مامۆستا عیزەدین فەیزیو زوربەی نووسەرە دڵسۆزەکان توانرا کۆنگرەی پێنجەم لە ١٠/٩/٩٧٨ لە شاری هەولێر بگیرێ .

ئەم کۆنگرەیە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە رێرەوی یەکێتی نووسەرانی کوردا ، هەولْو تەقەللاو کۆششو ماندوو بوونو ئازایەتیو جوامێری مامۆستا عیزەدین لەم کۆنگرەیەدا هەرگیز لە بیر ناچێت . لەم بارەیەوە خۆی نوسیویەتیو گوتویە :

« . . . بەلاْم گیروگرفتەکانی کۆنگرەی پێنجەم لەمە توندو تیژتر بوو ، لەگەلْ ئەوەشا دەستەی سەرۆکایەتیەکەی کە پێك هاتبوو لە عیزەدین فەیزی ، مستەفا سالْح کەریم ، کاکەی فەلاح ، عەلی شەونم ، سەبری بۆتانی ، کەمال غەمبار ، سەلام موحەمەد ، توانی کاروباری کۆنگرەکە بباتە سەر ، هەروەها گشت ئەندامانیش بەسەربەستی رای خۆیان دەربڕیو زۆر بە ئاشکرا وتوویژیان لەسەر دەکرد ، لە ئەنجامیشدا تاقمێك بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی – مەلْبەندی گشتی – هەلْبژێردران . . تا . . د»[٤]

لەم کارە گرنگە هاوبەشیو یەك دڵییەدا ، سات بەدوای ساتا هەلْوێستی مەردانەی ئەو پیاوە فریشتەیە وەك ئەستێرە ئەدرەوشایەوە ، دری بەو تاریکییە ئەدا کە دەیەویست باڵی رەش بەسەر کۆنگرەدا بکێشێ ، هەر پێشنیازێك ، یان نامەیەك ، یان هەلْوێستێکی نوێ بهاتایەتە ئاراوە بۆ پەسندکردنیو بڕیار دان لە سەر چۆنیەتی بزوتنەوە بەرانبەری ، پرسو راوێژی بەدەستەی سەرۆکایەتی دەکرد ، هەرگیز لەسەر رایەك سوور نەدەبوو کە بەرژەوەندی رێبازی یەکێتی تێدا نەبوایە ، گوێی نەدەدایە ئەو کۆسپو تەگەرانەی دەویسترا بخرێنە رێگای سەرکەوتنی کۆنگرەکە . لە کۆتایی کۆنگرەشدا بە جێگری سەرۆکی یەکێتی هەلْبژێررا .

لە ماوەی ئەو دوازدە مانگەدا – لەنێوان کۆنگرەی پێنجەمو شەشەمدا – دەستەی بەڕێوەبەر ، دوازدە کۆبوونەوەی لە بەغداو هەولێرو سلێمانیو دهۆك کرد .

لە گشت کۆبوونەوەکانا مامۆستا ئامادەبوو ، زستان بوایە یان هاوین ، چالاکانەو هێمنانە بەشداری گفتوگۆو موناقەشەی کۆبوونەوەکانی دەکرد . هەمیشە لایەنی چاکەی دەگرت ، هەرگیز مەیانی بۆ دووبەرەکیو لێك دابڕان خۆش نەدەکرد ، وەك هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر دەیەویست تێکڕای ئەدیبان لە ژێر رەشماڵی یەکێتی نووسەراندا وەك برا وابنو هیچ شتێ لێکیان دوور نەخاتەوە .

لە میهرەجانی بێکەسو میهرەجانی گۆران کە لقی سلێمانی سازی کردن ، لە میهرەجانی دووەمی شیعری کوردیدا لە سلێمانی (٣٠–٣١/٣/٩٧٩) ، لە دیداری یەکەمی چیرۆکی کوردی (ئەیلولی ٩٧٩) لە سەری رەش ، لەم چالاکییە ئەدەبییانەدا مامۆستامان بە هیمەتی لاوێکی خوێن گەرمەوە هەلْدەسووڕاو بەشداری دەکرد .

ئەوانەی لە نزیکەوە نەیان ناسیێ نازانن چۆن کەلە پیاوێکی مەردی خاوەن هەلْوێست بوو ! نازانن چەند بەتەنگ دڵی هاوڕێو دۆستو برادەرانیەوەبوو ، نازانن کە ئەنانەت دانیشتنە تایبەتیەکانیشی ئەوەندە خۆش بوون کە مرۆڤ حەزی دەکرد هەمیشە لەتەکیدا بێ . ئەو ساتەی پێ خۆش بوو کە چاوی بەبرا نووسەرەکانی دەکەوت ، هەستت دەکرد وەك گوڵەباخ دەگەشایەوە . بە ئەو پەڕی تەوازوعەوە دەیگوت :

«من ئەدیب نیم ، بەلاْم خۆشەویستی ووشەی پیرۆزو خۆشەویستی ئێوە لە دڵما کڵپەی کردووە ، ئەدیبانیش ئەم شەرەفەیان پێ بەخشیوم کەتا لە ژیاندابم شانازی پێوە دەکەمو هەمیشە مەدالیای زێڕینی سەرسنگمە» .

هەر لەو ساڵەدا رۆژی ١٦/٨/٩٧٩ لقی سلێمانی لە باخچەی یەکێتی نووسەرانا کۆڕێکمان بۆسازکرد کە تەشریفی هێنا بە شێوەیە پێشوازیمان کرد کە شیاوی ئەو بێ . لە کاتی کۆڕەکەدا من ئەو دەمە سەرۆکی لقی سلێمانی بووم ، بەووتەیەکی کورت

پێشکەش بە دانیشتوانم کرد ، ئەویش لەو کۆڕەدا باسی ڕۆژنامەی هەولێرو تاقیکردنەوەی خۆی لە بواری ڕۆژنامە نووسیداکرد ، تێیدا ڕوونی کردەوە کە کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولیر دەیەویست گەشە بەبزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بدات ، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەربکات ، ئەوە بوو یەکەم ژمارەی لە ٩٥٠/١٢/١٦ دەرچوو تا٩٥٣/١٢/٢٨دەوامی کرد .

بێگومان مامۆستا عیزەدین فەیزی لەتەك مامۆستا ڕوناکبیرەکانی هەولێرا ماندوو بونو شەونخونی‌یەکی زۆریان چەشت لە پێناوی ئەورۆژنامەیدا . هەر لەو کۆڕەدا چەند نمونەیەکیشی لەو ووتارانەی خۆی خوێندنەوە کە لە ڕۆژنامەی هەولێرا بلاوی کردبوونەوە[٥] ، بە شانازیشەوە ناوی ئەو نووسەرانەی برد کە جگە لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە ، بە بەرهەمی ڕەنگینیان لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەیان دەڕازاندەوە ، لەوانە مامۆستایان : گۆران ، گیوی موکریانی ، محمد جمیل ڕۆژبەیانی ، شاکر فتاح ، ئەخۆل ، مەعروف خەزنەدار ، محمد علی کوردی ، کەریم شارەزا ، زەکی هەناری ، ئیحسان مستەفا ، نوری عەلی ئەمین ، فؤاد عیزەت ئیبراهیم باڵدار ، مستەفا تۆفیق ، خالد دلێر ، عەبدوللا کاکە ، سەلیم موختار ، پیرباڵ محمود ، محمد شێخ رشید ، کانی ، ئەنوەرمانی ، ڕەشاد موفتی ، ووریا ڕەواندوزی ، د. مەریوانی ، حسین رشوانی ، ئیبراهیم هوشیار ، عەلی جوکل ، جەمال محی‌الدین ، کەمال ڕەشید عارف ، تاهیر اسماعیل ، جابر پیرداود ، محمد فرج مصطفی ، جلال احمد ، نورالدین خدرو زۆری دیکە .

کۆڕەکە گەرمو بە پێزبوو ، بۆئێوارەش بە خۆش هاتنی مامۆستا عیزەدینەوە لە یانەی مامۆستایانی سلێمانی میواندارییەکی خۆشی بۆ سازکرا ، وەك لای خۆمان دەڵێن : قدومی ئەوەندە خێربوو ، ئەو شەوە گەلێ هەواڵی خۆشمان بەرگوێ کەوت کە پێ گەشاینەوەو ئەوەندەی‌تر دانیشتنەکەمان فەرداربوو .

کە ساڵێ تەواوبوو ، لە کۆنگرەی شەشەمدا خۆی نەپالاوت ، ئەگەرچی کشانەوەی کەلێنێکی گەورەبوو ، بەلام ڕێزی خواستەکەی گیرا . . . بەو جۆرە دەرکەوت کە لەو ساڵە بەپێزەی تەمەنی یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردا مامۆستا فەیزی گوڵەباخی ناو ئینجانەی یەکێتی‌ی‌بوو .

ئێمەومانان کە ئەو پێوەندی‌و دۆستایەتیە گیانییەمان لە تەك مامۆستادا هەبوو ، هەمیشە لێك نزیك‌بووین . لە یەکەم میهرەجانی ڕۆشنبیری کوردیُ (نیسانی ٩٨٠) لە هەولێر . میهرەجانی شیعری کلاسیکی کوردی (نیسان ٩٨١) لە سلێمانی . دووەم دیداری چیرۆکی کوردی (ئابی ٩٨٢) لە هەولێر . میهرەجانی نالی لە سلێمانی (کانونی یەکەمی ٩٨٢) . چلەی ماتەمی تۆفیق وەهبی لە سلێمانی (شوباتی ٩٨٤) . وەرزی ڕوشنبیری کۆلێژی پەروەردە لە هەولێر (مارتی ٩٨٤) هەمیشە لەم چالاکییانەدا مامۆستا بەشداربوو . دیارە ئەوشەوانە هەر پێکەوەبووین‌و بە دیداری شادو شەرەفمەند دەبووین .

شەوێ لە شەوانی مانگی ئەیلولی ٩٨٤ لە یەکێ لەیانەکانی هەولێر لە دەوری کۆ بووینەوە ، ووشەکانی مامۆستا لەو دانیشتنەدا هەمووی گەوهەربوون ، چونکە ئەوباسەی لێ‌ی ئەدواین زۆر گرنگ‌بوو ، پێویستی بەشی‌کردنەوەو ڕادەربڕین‌بوو .

داخی‌گرانم ، دوا پێك گەیشتنی کۆمەڵیان لە نیسانی ١٩٨٥ دابوو لە کۆڕی ئەدەبی بەراوردکاری لە هەولێر . ئەم جارەیان وەك قەدەر نەخشەی کێشابێ کە زوربەی ئازیزانی تێر لە ووشە شیرینەکانی نەخۆن‌و دیدار ئاخری بێ . زۆری لە تەکانا هەوڵدا کە شەوێك میوانی بێ . هەموومان عوزرمان بۆ هێنایەوەو داوای لێ‌بوردنمان کرد بە بیانووی ئەوەی کە زۆرین‌و هیچ شوێنێ نامانگرێتە خۆی ، لە دلاً زۆری پێ ناخۆش بوو . بەکزی لێمان جودابووەوە ، داخی بەجەرگم ئەوە دوا دیداربوو . چەند مانگێك دوای ئەوە وانەڕەخسا کە بەیەك بگەین .

بەڵام بە تەلەفۆن زوو زوو لە تەك یەکتردا دەدواین ، تا شەوێک لە شەوان برادەری ئازیزمان کاک مومتاز حەیدەری کە برادەری نزیکی مامۆستا فەیزی بوو بەتەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم کە مامۆستا ناساغەو لە ماڵەوە لە جێگادا کەوتووە ، زۆر پێی دڵتەنگ بووم ، تکام لە کاک مومتاز کرد کە بەناوی برادەرانی سلێمانییەوە هەواڵی بپرسێ‌و ڕێزو خۆشەویستیانی پێشکەش بکات . لە دوای ئەو هەواڵەوە ناو بەناو بەتەلەفۆن هەواڵیم دەپرسی ، کە نەخۆشیەکەی درێژەی خایاند چووم بۆ هەولێر بۆ ئەوەی لە ماڵەوە دیدەنی بکەم ، بەڵام هەرکە گەیشتمە ئەوێ برادەرانی گۆڤاری (کاروان)پێیان گوتم : کە مامۆستا براوە بۆ بەغداو لە نەخۆشخانەی (ابن النفیس)ە ، ئەمجارەیان کە هاتمەوە بۆ سلێمانی بڕیارمدا بچم بۆ بەغداو لەوێ دیدەنی بکەم ، وارێکەوت ١٧/١٢/٩٨٥کۆڕی زانیاری کورد کۆڕێکی بۆ ڕێنووسی کوردی ساز کرد ، ئێمەش بانگ کرابووین‌و دەبوایە بچین . لەوێ لەتەک دکتۆر عیزەدین مستەفا ، و مامۆستا محمدی مەلا کەریما بڕیارمان‌دا بچینە نەخۆشخانە بۆ خزمەت مامۆستا فەیزی .

دیسان کاک مومتاز حەیدەری ئاگاداری کردین کە مامۆستا چۆتەوە هەولێر . دوای تەواوبوونی کۆڕەکە ڕۆژی ٢٠/١٢ گەراینەوە بۆ سلێمانی ، ئێوارەی ٢٢/١٢/٩٨٥ کاک مومتاز بە قورگی پڕ گریانەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا فەیزی پێ‌ڕاگەیاندم . . . چ خورپەیەک‌بوو کەوتە دڵمەوە ؟ چ سەواڵێکی خەمناک‌بوو ؟

(سارتەر) لە مردنی (کامۆ)دا گوتی : مردنی یەکێکی وەک کامۆ کارێکە مرۆڤ بڕوای پێ‌نەکات .

ئەشێ منیش بڕوا بکەم کە ئەو پیاوە دلێرە ، ئەو شەخسیەتە کۆمەڵایەتیە ناسراوە ، ئەو ڕوناکبیرە بەوەفاو دڵسۆزە ، ئێمەی بەجێ هێشتووە ئیتر چی‌دی نایبینینەوە !

ڕۆژی ٢٣/١٢ لە تەک مامۆستا عەلی شەوەم‌و مامۆستا محمد نوری تۆفیقدا ڕۆیشتین بۆ هەولێر بۆ بەشداربوون لە پرسەی خوالێخۆشبوودا ، کە گەیشتینە ئەوێ دکتۆر عیزەدین‌و کاکە حەمەش‌لەبەغداوە بۆ پرسەکەی هاتبوون .

کۆچی مامۆستا عیزەدین فەیزی کۆستێکی گەورەو خەمێکی گران‌بوو ، کەلێنێکی دیاری خستە نێوەندی ڕوناکبیری‌و ئەدەبیمانەوە .

بەڵام ئەوەی مایەی سەربەرزییە بۆ هەموو بنەماڵەو کەس‌و کارو خزم‌و دۆست‌و برادەرە دڵسۆزەکانی ئەوەیە کە لە دڵی هەموو جەماوەرا جێی خۆی کردبووەوە . شەخسیەتێکی هەڵکەوتوبوو ، تێکۆشەرێکی سەردەمی خۆی ، مامۆستایەکی دڵسۆز ، بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو ، سەرپەرشتیارێکی کارامە ، نەقابییەکی ووشیار ، ئیدارییەکی زانا لە مەیدانی کاری ئەدەبیدا ، ڕۆژنامە نووسێکی فیداکار ، ئەدیب‌و ڕوناکبیرێکی موتەوازیع .

یەکێک خاوەنی ئەم هەموو خەسیەتانەبێ ، گومان لەوەدانییە کە مردنی ژانێکی گەورە دەخاتە دڵی هەموو مرۆڤێکی کوردی دڵسۆزەوە .

لە یادی یەک ساڵەی ئاوابوونی ئەو ئەستێرە گەشەیەمانا ، چەپکە گوڵی بەهارەی کوردستان بەڕێزەوە دەخەینە سەر گۆڕی پیرۆزی .

هەزاران سڵاویش لە گیانی پاکی مامۆستا عیزەدین فەیزی .

### پەراوێزەکان

(١) – مامۆستا عیزەدین فەیزی بە مامۆستا عەلی شەوەمی شاعیری دەگوت : عەلی لەفەندی ، زۆر یەکتریان خۆش دەویست ، حەزی دەکرد زوو زوو دیدەنی بکات ، بە ئاسەوەبوو بۆ دانیشتن‌و گفتوگۆی .

(٢) – گۆڤاری «نووسەری کورد» خولی یەکەم . ژمارە (٣) ئابی ١٩٧١ لاپەڕە (٦٨) .

(٣) – بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە بڕوانە : فەیزی ، عیزەدین . یەکێتیی نووسەرانی کوردو دووکۆڕ ، ١٩٨١ ، لاپەڕە /٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ .

(٤) – هەمان سەرچاوەی پێشوو : لاپەڕە (٦)

(٥) – بۆ پتر زانین لەم ڕووەوە : بڕوانە سەرچاوەی پێشوو